# پۆلینکردنی ئافرەتان

*سەلاح حەسەن پاڵەوان*
smardan200@yahoo.com

ئایا ئەو دابەشکردنەی بۆ مەسەلەی ئافرەت ئەکرێت ، خزمەت بە کێشەکەی ئەکات ، پۆلینکردنیان لە نێو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خۆیان و جیاکردنەوەی بەردەوامی ئەوان لە چالاکیە تایبەتیەکانی کاری سیاسی و مرۆیی  ئەبێتە هۆی ئازادکردنی ئافرەت یان زیاتر دووری ئەخاتەوەو دایئەبڕێت . ئایا پۆلینکردنی ئەو ڕەگەزە لە نێو ڕێکخراوە مێیینەکان و ئابلۆقەدانیان لە نێو گروپە تایبەتیەکانی مێینە و دابڕینیان بەومەبەستەی کە گوایە لە سەرکوتکردنەکانیان کەم ئەکاتەوە نابێتە هۆی گۆشەگیرکردنی زیاتری ئەوان؟؟ نەک ئەمانەش ئەمڕۆ لە نێو بیری ڕۆشنبیری ئێمەدا هەموو جۆرە داهێنان و لایەنێکی ڕۆشنبیری بەشێکی بۆ مێ و بەشەکەی تری بۆ نێر تەرخان کراوە ، هەر لە ئەدەبی ژنانەوە تا ئەگاتە هونەرو نووسەرو ئابوریزان و زانایانی ژن ، هەر لە نێو خوودی کالا ڕۆشنبیریەکانیشدا مەلەفی تایبەت بە ئافرەت و ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت و پرۆگرامی میدیایی تایبەت بە ئافرەت هەن .

ئەم شێوە دابەشکردنەو بە تایبەت بەمێینەو بە نێرینەکردنی هەر شێوە کارێک و چالاکیەکی مرۆیی  کارێکی بێ مانایە ، سەرەرای ئەوەی ئەبێتە هۆی دابڕانی زێدەتری ئەم دووانە لە یەکتری لە هەمان کاتیشدا یارمەتی بە یەکسانیبوونی ئافرەت لەگەڵ پیاودا نادا.
ئێمە هەموو ئەو ڕاستیە ئەزانین کە ئازادی ئافرەت و مافەکانی ئافرەت بە بوونی ئەو شێوە دابڕانە سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیریانە نایەتەدی ، بەڵکو ئازادیە ڕاستەقینەکانیان بە کۆمەڵی بڕیاری گرنگی ئابووری و سیاسی و یاساییەوە دێتە دی، ئازادیە ڕاستەقینەکانیان پابەندە بە تێکەڵبوونیان لەو دەزگایانەی کە پیاو بەڕێوەیان ئەبات بۆ ئەوەی ئەویش بەشێک بێت لە ئەرک و چالاکیەکان ، هەروەها بەشداری لە گۆڕانکاریەکان بکات ، ئەم ڕەگەزە نابێت تەنیا بۆ ئەوە کار بکات کە هەوڵی زێدەتری دابڕانەکانی خۆی بدات. ئەبێ دژ بەو پۆلینکردنانە بوەستێتەوە { پۆلینکردنی ناوو نازناوەکانی بابەتی ئەدەبی ژن و سەندیکای ژنان و دەزگا مێیینەکان وڕێکخراوە ڕەگەز ناسکەکان..هتد } ، ئەبێ ئافرەتان جارێکی تر چاو بە بوونی ئەو ناوو نازناوانە بخشێننەوە. هەوڵدەن لە شێوە ڕێکخراوێکا کار بکەن کە باس لە جیاوازیە ڕەگەزیەکان ناکات ، ئەسلەن ئافرەتان ئەبێ دژ بە یاساکانی پۆلینکردنی مێیینە لە نێو چالاکیە مرۆییەکان بوەستنەوە، ئەبێ ڕەگەزی مێینە نەبێتە جێگای بەزەیی پێهاتنەوە و خێرپێکردن لە بابەتی بەخشش و دەستنیشانکردنیان بۆ ئەرک و فرمانەکانی پیاو، یاخود جارناجارێ لە لایەن  نێرەکانەوە شوێنی تاییبەتیان پێ ببەخشێنرێ، یان تەنیا بۆ ئەوەی وەکو مەرامێک لەلایەن نێرەکانەوە بەکار بهێنرێن ، لەم جێگاو ئەو جێگا ببنە دەسەڵاتداری شکلی ، نەک بۆ زیاترکردنی ئازادیەکانیان بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێویستیانەی کە نێر پێویستێتی.

مەسەلەیەکی ترسناکتر کە ئەمڕۆ لە بارەی ژنانەوە ئەبینرێ، بریتیە لە بوونە رووکەشیەکانی ئافرەت لە نێو دەزگاو ڕێکخراوە سیاسیەکانی دەوڵەتدا، کە ئەڵێین رووکەشی مەبەست لە نەبوونی مێژووی دەسەڵاتی فیعلی و سروشتی خۆیەتی ، تەنیاش لەو جێگایانە دائەنرێت ، لەبەر ئەوەی ئافرەتە، لەبەر ئەوەی مێینەیە، ئەمەش بۆ خۆی زیانێکی تر بە ئازادی وتواناکانی ئافرەت ئەگەیەنێ.ئافرەت  کاتێک بوو بە جێگای بەزەیی و موجامەلەکردن ، لە شێوە وەهمێکدا ئەسوڕێتەوە ، ئەو وەهمە وای لێ ئەکات بەردەوام لە

بوونی خۆیی و دەسەڵاتی خۆی بەگومان بێت، وای لێ ئەکات ، نەتوانێ لە راستیەکان بگات و چیتر واز لە ئەرکە چارەنووسسازەکانی خۆی بهێنێ کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ ئازادی و سەربەستی و یەکسانی. کە وا ئەڵێم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە نێو بونیادی دەسەڵاتدا هەرچی ئافرەتە بێ توانایە ، نەخێر مەبەستم لەو دەستنیشانکردنانەیە کە هەندێ جار روو ئەدەن.

خاڵێکی گرنگی دیکەش هەیە پێم وایە ئەمەیان پەیوەندی بە خودی ئافرەتان خۆیانەوە هەیە ، ئەویش قبوڵکردنی دەسەڵاتی پیاوە لە هەندێ لە بوارەکانی ژیان و بەڕێوەچووندا. راستە ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە زۆربەی مەسەلە چارەنووسسازەکانی هێشتا خاوەنی دەسەڵاتی بریاردان و دەستپێشخەری تەواو نیە ، بەڵام هەندێ کات لە بەگومانبوونی تواناکانی خۆی پەنا ئەباتە بەر پیاو ، پەنابردنێک کە بە شێوەیەکی سلبی لەسەری ئەشکێتەوە ، راستە وەکو چۆن پیاو بە بێ ژن ناتوانێ تەواوکەری ژیان بێت ، هەروەها ژنیش ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئافرەتانی کۆمەڵگای ئێمە زۆر لەو ئەرکانەشی کە تایبەتن بە خودی ئافرەت و کە خودی ئافرەت ئەبێ خۆی پێی هەستێ تەسلیمی پیاوی کردووە، ئەم شێوە تەسلیمبوون و تەسلیمکردنانە، ئەبنە هۆی دروستکردنی بۆچوونێکی دەروونی سست کە کاریگەری لە تواناکانی ئافرەت دائەنێ. بوونی پیاوسالاری و دەسەڵاتی نێرینەو خێڵەکی، وای لە زۆربەی ئافرەتان کردووە لە توانای خۆیان بە گومان بن.

ئەتوانین بڵێین مەسەلەی پۆلینکردن و لێک جیاکردنەوەو گۆشەگیربوون لە نێو هەر جۆرە چواردیوارێکدا ، وای لە ئافرەتی ئێمە کردووە تا ئەم ساتەش هەر پاشکۆ بێت و چاوەڕوان بێت ، واتە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو وەڵامانە بێت کە پرسیارەکانی لای خۆیەتی و چاوەڕوانی ئەو دەرگایانەش بێت کە کلیلەکانی لای خۆین.

کۆمەڵێ زاراوەی دیکە هەن کە خودی ئافرەت خۆی پێی رازیەو هەوڵیش ئەدات کە جێبەجێی بکات و بیکات بە کۆمەڵێ زاراوەی کاریگەر و ئەمری واقیع ، یەکێک لەو زاراوانە {بەپیاوبوونی مێیینە} یە ، ئەم سیفەتەش رەوشێکە زۆر لە ئافرەتە رۆشنبیرو سیاسیەکانی ئێمە پەیرەوی ئەکەن ، بەو خەیاڵەی گەر مومارەسەی رۆڵی پیاویان کرد و وەکو نێرێک هەڵسوکەوتیان کرد ئەوا ئەگەن بەو کامڵبوون و هاوسەنگیەی کە خۆیان ئەیانەوێ و سەربەستی تەواو بە دەست ئەهێنن ، بەڵام ئاگاداری ئەوە نین کە ئەوان بەو کردارەیان لە بوونی مێیینەیی خۆیان هەڵدێن و دان بەوەشدا ئەنێن کە مێیینە واتە لاوازی هەر بۆیە ئەبێ : رۆڵی نێر ببینین، ووشەکانی نێر بەکار بێنین و هەڵسوکەوتی نێرانە بکەن و ئەدەواتەکانی ئەوانیش بەکاربێنین. ئەمەش بۆ خۆی دانپیانانێکی ترسناکە بە چارەسەرنەبوونی ئەو دەسەڵاتە مێینەیەی کە زەوت کراوەو ، بڕوانەبوون بە رێگاچارەیەک بۆ سەرکوتکردنەکانی خۆی.ئاگاشی لەوە نیە کە مێیینە بە مانەوەی لە قاڵبی مێیەتی خۆی جوانترەو بۆ ژیان مانای ئەبێت ، ئاگاداری ئەوە نیە کاتێک هەموو مێیەکان بوون بە نێر ژیان هیچ تامێکی نامێنێ.

---